

## فیلیب ئەندەرسۆنی یانەی لازیۆ چاودێری دەكرێت

هەر چوار یانەی ئینگلیزی مانچستەریونایتد و مانچستەرستی و چێڵسی و لیڤەرپول كێبڕكێیانە لە پێنـــاو بەدەســـتهێنانی تواناكانـــی یاریزان فیلیپ ئەندرسۆنی ئەستێرەی لازیۆی ئیتاڵی. لەمبارەیەوە پێگەی فوتبۆڵی ئیتاڵی ئاماژەی بۆ كردووە یاریزانی ناوبراو مایســـترۆی هێڵی ناوەڕاســـتی یانەی لازۆیە و لە ماوەی رابردوو بۆتە جێی سەرنجی زۆرێك لە یانە بەناوبانگەكان، بۆیە ئـــەو چواریانە ئینگلیزییـــە دەیانەوێت ئەو یاریزانە ببنە ریـــزی تیپەكەیان. لەلایەن خۆیەوە یانەی لیڤەرپـــول یەكێك لە چاودێرەكانی خۆی نـــاردووە بۆ چاودێریكردنی یاری نێوان لازیۆ و فیۆرەنتینا، بە هەمان شـێوە هـــەر دوو یانەی شـــاری مانچســـتەر نوێنەری خۆیان ناردووە بـــۆ بینینـــی تواناكانی ئـــەو یاریزانە لەكاتی یاریكردندا. هەروەها یانەی چێڵسی نوێنەرێكی ناردووە بۆ هەڵســـەنگاندنی ئـــەو یاریزانە تا گرێبەســـتێكی بە بـــڕی ٢٥ ملیۆن یۆرۆ پێشكەش بكات.



## مۆرینهۆ سوورە لە سەر كڕینەوەی ڤاران

یانەی چێڵسی ئینگلیزی خۆی ئامادە دەكات بۆ وەرزی گواستنەوەی هاوینە هێڵی بەرگری خۆی پتەو بكات، چونكە یاریزانی ئینگلیزی جۆن تیری نزیكبۆتەوە لە وازهێنان. لەمبارەیەوە رۆژنامەی میرۆری ئینگلیزی بڵاوی كردۆتەوە یانەی بلوز خۆی ئامادە دەكات بۆندێك پێشكەش بكات بە بڕی ٣٩,٤ ملیۆن پاوەند، لە پێناو بەدەستخستنی تواناكانی یاریزانی لاوی فەرەنسی و یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی راڤائیل ڤاران. هەر چەندە ئەستەمە یانەی شاهانە دەستبەرداری ئەم یاریزانە بێت، بەڵام ئەو یانە ئینگلیزییە لە وەرزی هاوینە ئەو بۆندە پێشكەش دەكات، چونكە مۆرینهۆی راهێنەری چێڵسی بۆتە پردی پەیوەندی نێوانیان. شایەنی وتنە لەوكاتەی مۆرینهۆ چووە یانەی ریال مەدرید، ڤاران هاتە ریزی ئەویانەیە وئاستێكی باشی پێشكەشكردووە.



# پیدرۆ رۆدریگز لە سێ یانەی ئینگلیزی داوا کراوە

لەگەڵ نزیکبوونەوەی بە کۆتاهاتنی وەرزی ئەمساڵی خولەکانی وڵاتانی ئەوروپا یانەکان کەوتوونەتە جموجۆڵ بە ئاشکرا و بەنهێنی بۆ بەدەستهێنانی ئەو یاریزانانەی ئـــارەزوو دەکەن بیانبەنە ریزی تیپەکەیان. ئەمەو هەریەك لە یانەکانی ئەرســــناڵ و لیڤەرپول و مانچســــتەر یونایتد دەیانەوێت لە وەرزی گواســــتنەوەی هاوینە پیدرۆ رۆدریگزی یاریزانی ئیسپانی یانەی بەرشلۆنە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. لەمبارەیەوە رۆژنامەی دەیلیستاری ئینگلیزی بڵاویکردۆتەوە هەرسێ یانە ئینگلیزییەکە مکوڕن لە سەر واژووکردنی گرێبەست لەگەڵ ئەو یاریزانە، چونکە درکیان بەوە کردووە ئەم یاریزانە لەماوەی رابردوو دەناڵێنێت بەهۆی کەم بەشــــداری پێکردنی لە یارییەکان بەشێوەیەکی ســــەرەکی. هەروەها رۆژنامەکە روونیشی کردۆتەوە ئەو یاریزانە لە کۆتایی وەرزی ئەمساڵ هەڵوێستی خۆی یەکلادەکاتەوە لە ئەگەری مانەوەی، یاخود رۆیشــــتنی لە یانــــە کەتەلۆنییەکە و خۆشــــحاڵی خۆیشی نیشانداوە بە پێشــــکەش کردنی ئەو بۆندانەی لەلایەن یانەکانەوە ئاڕاستەی دەکرێت.

لەلایەکــــی دیکەوە راپۆرتــــە رۆژنامەوانییــــەکان رایانگەیاند یانەی مانچستەر یونایتد ئامادەیە پڕۆژەیەکی گۆڕینەوە لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە ئەنجامبدات بە رۆیشتنی یاریزان ئەنخیل دی ماریا بۆ یانەی ناوبراو لە بەرامبەردا یاریزان پیدرۆ بێتە ریزی شــــەیتانە سوورەکان، پێشتریش یانەی بەرشلۆنە نرخی ئەو یاریزانەی بە ٣٠ ملیۆن یۆرۆ خەمڵاندبوو .